# مەسعود بارزانی مومارەسە لە سەر کورسەیەکەت مەکە جاریٚ!
# نەك لە سەر کەرکوك.!!!

## ئارام_بانەیی

سەرەتا دەمەویت هەندێك ئامەژە بەوە بکەم، کە کێشەی ئێمە هێشتا زۆری ماوە کەرکوك بێت؛ چونکە هێشتا کێشەی بادینان سۆران چارەنەکراوە، تا کەرکوکی بێتە سەر؛ ئەوە کارتی سیاسییە، لە بەرامبەر بە گەل تاکو ڕاستیەکانی شەڕی دەسەڵاتی خۆتان پەردە پۆش بکەن؛ لە کاتێك نیگاکانی ناوخۆ لە بەردەم پێکهێنانی پەرلەمان و حوکمەتێکە لە باشووری کوردستان، هەنگاو بەرە چارەسەری بنێن، ئێوە باس لە کەرکوك دەکەن و دەتانەوێت نارەزای گشتی گەل، لە بەرامبەرتان بێدەنگ بکەن، ئەگەر ئێوە سیاسەتێکی یەکگرتووتان نەبێت، چارەسەری کێشەکانی ناوخۆ نەکەن، بە کام پێوانە و ترازویەك دەتانەوێت باس لە کێشەی کەرکوك بکەن.

لەم کاتە زۆر بە وەستایی گۆشەنیگاکان، بەرەو شوێنێکی تر دەگۆڕن، مەبەستم من ئەوە نییە کێ هەقە یان ناهەقە، چونکە لە شەرتر و زروفێکی وەك ئەمڕۆ بۆ کێشەی کورد، بە گشتی و باشووری کوردستان بە تایبەت، ناتوانین لە نێوان پارتەکانە دەست ڕابکێشین بۆ لایەنێك کە کامیان خاوەنی هەقە کامیان ناهەقی لە ویتریان دەکات، لە بنەماشدا هەق بۆ هیچ پارتیەك نییە کە باسی لێبکات و بیەوێت ئەوی تر ناوزەند بکات، خۆی بە مافخوراو بزانێت؛ چونکە کوردستان خاوەن هیچ مافێك نییە، هێشتا بچووکترین مافەکانی بن پێدەکرێت، ئەو زەمینەیەش هێشتا لە ناو هاوکێشە سیاسیەکانی ئەمڕۆ خاوەن ڕۆڵێکی گرنگە لە دارشتنەوەی سیستەمی سیاسی نوێیە لە ناوچەکە. لە هەمان کاتیش هەردوو دەسەڵات هیچیان بە پێی پێوویست هەنگاوی بۆ کورد نەناوە؛ هێشتا کێشەی کۆمەڵگا لە ڕوانگەی بنیات نانی ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگا بە شێوازێکی زانستی هەنگاوی بۆ نەنراوە، زۆر کەس وا تێدەگەن کە ئێمەی کورد لە باشوور بووینەتە خاوەن مافی خۆمان، بەڵام هەڵەیەکی مەزن لێرەدایە، ڕاستە ئیمرۆ کورد سەرکێشی گۆڕانکاریەکان دەکات، لە مێژووشدا خاوەن زۆر ڕۆڵی گرنگ بووە لە بنایەت نانەوەی سیستەمی نوێ بەڵام لە کۆتایش بێبەش کراوە، بەڵکو لە سەر ئەوەش بەرەو ڕووی هەموو جۆرە زوڵم و زۆرێك هاتووە. کێشەی باشووری کوردستان وا بەستەیە بە خاڵێکی گرنگ، ئەویش چارەسەری کێشەکان لە سەرچ بنەمایەك، لە کام سیستەمی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کلتووری، ئابووری، فەرهەنگی، خۆی بنیات دەنێتەوە، چۆن دەتوانین کێشەکان لە سەر بنەمایەکی زانستی و پێشکەووتوو چارەسەربکەین و، پێشبخەین کە ببێتە هۆی بنیات نانی کۆمەڵگیەکی نوێ و ببێتە خاوەن ناسنامەیەك، پێناسەی بوونی خۆی، بکات. چارەسەری ناوچەکەش لە گەڵ خۆی بهێنێت.

لە شەرت و زروفی ئەمڕۆدا، کە کێشەیەکی گەورە لە نێوان هەردوو دەسەڵاتی باشوور گەشتۆتە ئاستی تەقینەوە سیاسی، کێشەکان گەشتۆتە ئاستی بنبەست، بەڵام زۆر جێگای سەرسوڕمانە کە هەردوو لایەن لە سەر ئەساسی پێداگرتن لە سەر کێشەی کەرکوك، بۆتە سیمبووڵی میدیاو ڕاگەیاندنەکانی هەردوولا، لە کاتێك مەسعود بارزانی، بۆ ڕای گشتی باس لەوە دەکات، کە کەرکوك مومارەسەی لە سەرناکرێت، ئەمە بۆمن کارتێکی سیاسی بنەماڵەیە بۆ ئەوەی لە بەرامبەر بە ڕای گشتی گەلی کورد، ڕابگەیەنێت کە من نەتەوەیم، بەڵام لێرە گریمانەیەك زۆر هەیە، لە هەمان کاتیش، مانەوەی بارزانی لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بنەمایەکی سیاسی تایبەتی بەرامبەر بە کێشەی کورد بە گشتی هەیە، کە بتوانێتك لە سەر ئاستی کوردستان بنەماڵەی خۆی بکاتە دەم ڕاستی گەلی کورد، بۆ ئەمەش کەرکوك بۆتە کارتی سیاسی؛ بەڵام لە ئەساسدا، وەك زۆر کەس ئاگادارە، کە بنەماڵەی بارزانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاری بۆدەکات و بۆ ئەمەش بە شێوەیەکی بازرگانی هەنگاو دەنێت؛ لە هەندێك شوێنیش، لە ژێر ناو نازناوێکی تر بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ پروپاگەندە بۆ سەرۆکی بارزانی دەکەن، بۆ کوردستانی گەورە، لێرەش کێشەی سەرۆکایەتی لە نێوان یەکێتی و پارتی بە دەرکەوت و لە هەمان کاتیش ئەو خاڵانەی کە بارزانی باسی لێوەدەکات، کەم تا زۆر نزیکی ئەم بیرۆکەیەی بنەماڵەیە. پێم وایە سیستەمی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی گرنگیەکی تایبەتی هەیە بۆ بنەماڵەی بارزانی، ئەگەر چاوێك بە مێژووی پارتیدا بگێرین و لە هەمان کاتیش، ئەگەر بپرسین باشە جیاواز لە مەسعود و نێچیرڤان؟ کەسێکی تر شایستەی سەرۆکی حوکمەتی هەرێم و سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەبوو؟ باشە جیاواز لە بنەماڵەی بارزانی کەسێکی تر نەبوو؛ کە ببێت بە سەرۆکی پارتی، زۆر شتی ترهەن کە باسیان کراوە و نووسینیان لە سەر نووسراوە، بەڵام ئەمڕۆ کێشەی سەرۆکایەتی بارزانی لە ڕووی سیاسەتی نوێی ناوچەکە زۆر جیاوازی لە خۆی دەگرێت، لە کاتێك کە کێشەی کورد بە گشتی لە هەرچوارپارچەی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەش بوون دایە، لێرە بنەماڵەی بارزانی بە پێی ئەو سەرچاوەنەی کە بیستومانە لە هەوڵوکۆششدایە بۆ، دەستەمۆ کردنی لایەنی پارچەکانی تر بۆ لای خۆی، بە پێی بەرژەوەندی بنەماڵەی بارزانی خەڵکانێکی کاسە

وەلێس لە چواردەوری خۆی پێك بهێنێت، ئەویش پێداگرتنە لە سەر ئەستی نەتەوەپەرستیەکی کلاسیك و سەرەتایی کە بۆ سەردەمی نوێ قوروشێك ناکات، باشە من لاری لەوە نییە کێ دەبێتە سەرۆك، بەڵام باشە تۆی سەرۆکی هەرێم خاوەن چەند پرۆژەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوری زانستی تا ئاستی هۆشیاری نەتەوەی کورد، بگەیەنیتە ئاستی گەلانی دەرەوەی ناوچەکە.؟ تۆ تا ئێستا تەنها ووشەیەك باس لە کێشەی پارچەکانی تر ناکەیت، بەڵکو لە سەرەتا هەتا ئێستاش هەر لە بەرەنگاری کردنیاندا بوویت، دەستان بە خوێنی سەدان شۆڕشگێری پارچەکانی تر سوورە، نموونە هەر چەند ڕۆژ لە مەوبەر یادی شەهیدکردنی سلێمانی معینی بوو کە بە دەستی بنەماڵە و سەواکی شاهنشای ئێران شەهیدکرا.
باشە بەڕێز بارزانی کە تۆ زۆر بە ڕاشکاوەنە باس لە کێشەی کەرکوك دەکەیت، بێ مومارەسە بە ناوی دەکەیت، چۆن تۆی سەرکردە ئەمندە، بە پەرۆشی بۆ کێشەکانی ناوخۆتان چارەسەر ناکەیت، بۆ لە سەرکێشەکان، ڕۆژ بە ڕۆژ ناکۆکیەکان زیاتر دەبن وەك لەوەی کە چارەسەربکرێن؛ بێگومان ئەگەر هەردوو لایەن نەتوانن کێشەی سلێمانی هەولێر چارەسەر بکەن؛ باشە بەکام مەنتیق و لۆژیك، باس لە چارەسەری کێشەی کەرکوك دەکەن، وەك چەکی ناوکی ترسناکە، ئەگەر ئێوە ناتوانن لە سەر کورسیەکانی دەسەڵاتی خۆتان ڕێك بکەون باشە، کەرکوك چۆن چاوەڕوانی دەستی ئێوەی شەریف بێت. لە کاتێك گەل هەوڵو کۆششی گەورەی دا کە بتوانن کورسەیەك زیاتر لە ناو پەرلەمانی عێراق بە دەست بخەن، هەمووی ڕووی لە سندووقی هەڵبژاردن کرد، بێئەوەی کە پەنابەرێتە بەر هیچ جیاوازیەك، تەنانەت شەڕی 10ساڵەی ناوخۆیان لە بیرکرد، تەنها بۆ ئەوەی کە بتوانن بگەین بە ئازادی، ئێوەش سۆز و پەیمانی خۆتان بە شەهیدان و گەلدا، باشە کوا سۆز و پەیمانتان.؟
لە کاتێك خەڵکی کورد چاوەڕوانی سەر لە نوێ ئاواکردنەوەی پەرلەمانێك بوو، کە بۆ ماوەی 10 ساڵ زیاترە مەشروعیەتی خۆی لە دەست داوە و، ناتوانێت نوێنەرایەتی گەل بکات، هەرچەندە دەرکەوتنی پەرلەمانی باشوور خۆی لە خۆیدا لە سەر کارتی سیاسی لە لایەن چەند دەوڵەتێکی ناوچەکە و دەرەوە، بەرامبەر بە لایەنی کوردی بناغەی هەتە دامەزراندن.!!! لە ساڵی 1992 کە پێم وا بوو هەر لەو کاتەش نوێنەرایەتی گەل نەبووە، خۆی لە خویدا پەرلەمانی باشوور تا ئێستا لە چینێکی سەرەوە، تێپەڕ نەبووە؛ زیاتر لە لایەنی هەردوو پارتی لە سەر ئەساسی ناوچە و بەرژەوەندی هاتە دامەزراند، کێشەی بنەڕەتی لێرەدایە، کە بنەمای پەرلەمانی باشوور خۆی لە خۆیدا مولکی گەل نەبوو، بگرە لە بەرامبەر بە گۆڕەپانی سێهەم و کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراتیەت بووە بە دەزگای سەرکووت کردن، پێچەوانە پەرلەمانی جیهانە؛ لە کاتێك لە پەرلەمانی هەموو دنیا داخوازیەکانی گەل گفتووگۆ و لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکرێت و میکانیزمە دەکرێت لە بواری پراتیکی، بەڵام لە پەرلەمانی ئێمە داخوازی گەل پێشێل کرا، ئەوە پەرلەمانی کارتۆنییە نەك پەرلەمانی حەقیقەت؛ سیستەمی هەردوو پارت لە چوار چێوەیەکی گشتی دەسەڵاتی پەرلەمانی و حوکمی دا، ڕێگە بۆ هیچ لایەنێکی سەربەخۆ نەدەن کە لە گۆڕەپانی سیاسی، هەنگاو بنێت پەنجا بە پەنجا ڕاستیەك بوو، هەرچەندە ئێستاش هەندێك لایەن وەك سەربەخۆ و، پارتی تر شوێنی خۆیان دەگرن، بەڵام ئەم هێزانە لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی؛ تەنانەت لە بواری سیاسەتیشیان وەك پارتی نەیاتوانیوە، پشت بەستوو بن بە دەسەڵاتی گەل، خواستی گەل بەرچاو بگرن، هەر تاك و پارتیەك لە باشوور نەتوانێت وەك هێزی گەل، لە گۆڕەپانی سیاسی بەرامبەر بە هەردوو، دەسەڵات کار نەکات ناتوانێت بگاتە پێگەیەکی وا کە بتوانێت نوێنەر گەل بکات؛  بۆ ئەمەش دەرکەوتنی گۆڕەپانێکی سیاسیە کە گەل بتوانێت خۆی تێدا ببینێت، بێئەوەی هەوڵ و کۆششی بۆ گەشتن بە دەسەڵاتێکی نامومکین و نەخۆش بێت؛ پێوویستە گوێ گربێت لە ئاستی داخوازی گەل وەك میکانیزمەیەك پەرە بەکارەکانی خۆی بدات و کۆمەڵگاو دامەزراوەی نوێ بخولقێنێت لە هەموو بوارەکان ئاستی هۆشیاری و تێگەشتنی گەل، پێش بخات، پرۆژەکانی خزمەت گوزاری پێش بخات؛ کێشەیەکی تری  ئەساسی لە باشوور ئەوەیە گەل باوەڕی بە سیاسەت نییە و لە هەمان کاتیش بیرکردنەوە تێگەشتنەکانی لە بواری سیاسی تەنها سەختە و درۆکردنە لە پێناوی بەرژەوەندی کۆمەڵێك، پارتیەك، بنەماڵەیەك، عەشیرەیەك، ئەمەش کە بەرهەمی ڕەنجی تاڵەبانی و بنەماڵەی بارزانیە؛ لە کۆتایی دەڵێم کاك مەسعود ئەگەر تۆ جارێکا مومارەسەیەکی گەورە لە سەر کورسیەکەت نەکەیت، باشترە لەوەی کە لە سەر کەرکوك مومارەسە بکەیت؛ چونکە هەرکەس کەم تازۆر باش هەست بەو ڕاستیە دەکات، کە گەل هەڵبژاردنی بێ کەرکوکی قبووڵ نەکرد؛ ئەگینا ئێوە گەشت بوونە ئەو ئاستە کە بێ کەرکوك هەڵبژاردن، ئەنجام بدەن، قسەکانی نێچیرڤان باش ئەو ڕاستیەی نیشاندا کە برزکاندی(( ئەو ڕیفراندۆمەی بۆ کەرکوك کرا هیچ وا بەستە بە ئێمە نییە ئەوە خەڵك بۆ خۆی دەیکات)) باشە ئەی بۆ ئێستا ئێوەی بەڕێز مومارەسەی لە سەر دەکەن، هیوادارم هەردوو سەرکردایەتی با واز لە کێشەی کورسیەکان بهێنن؛ ئەو کاتە دەتوانن چارەسەری کێشەی کەرکوك بکەن.!!!